# تامی ئیمانی چەشتووە ئەو کەسەی ڕازیە بەوەی الله پەروەدگاری بێت، وئیسلام ئاینی بێت، وموحەمەد پێغەمبەری بێت

لە عەباسی کوڕی عەبدولموتەڵیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- گوێی لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «تامی ئیمانی چەشتووە ئەو کەسەی ڕازیە بەوەی الله پەروەدگاری بێت، وئیسلام ئاینی بێت، وموحەمەد پێغەمبەری بێت».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە ئیمانداری ڕاستگۆ لە ئیمانەکەیدا کە دڵنیایە سەبارەتی ؛ لە دڵیدا هەست بە ئاسوودەیی وفراوانی وخۆشی وتام وچێژی نزیکبوونەوە لە الله دەکات -سبحانه وتعالى- بەمەرجێك بەم سێ شتە ڕازی بێت: یەکەم: ڕازی بێت بەوەی الله پەروەردگاریەتی، مانای ئەوەیە دڵی فراوان وڕازی بێت سەبارەت بە هەرشتێك لەلایەن پەروەردگاریەوە دێت لە دابەشکردنی ڕزقەکان وحاڵەکان، ولە دڵیدا ناڕازی نەبێت سەبارەت بە شتێك لە حوکمەکانی الله، وهیچ یەکێکی تر بە پەروەردگاری نازانێت جگە لە الله. دووەم: ڕازی بێت بەوەی ئیسلام ئاینیەتی، مانای ئەوەیە دڵی ئاسوودە وفراوان بێت سەبارەت بە ئەرك و واجبەکان لە ئاینی ئیسلامدا، و لەسەر هیچ ڕێچکە وڕێبازێك نەبێت جگە لە ئیسلام. سێیەم: ڕازی بێت بەوەی موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- پێغەمبەریەتی، مانای ئەوەیە دڵی فراوان وئاسوودە بێت سەبارەت بە هەموو ئەو شتانەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هێناویەتی بەبێ دوودڵی وبەبێ گومان، بۆیە هیچ ڕێبازێك ناگرێت بەر ئەگەر پێچەوانەی سونەتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بێت.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee